# سالّ دەژمێرم

کامەران(کاوە)زەنگەنە
1994

کزە بایە..
هەنگاو دەنێم و
لەگەڵ چرکەی کاتژمێرەکەمدا
دڵم ترپە دەکا..!
جادەکان هەمووی خامۆشن
تەنها دەنگی پێڵاوەکانم و
چرکەی کاتژمێرەکەم
هاوڕێی هەناسەو ترپەی دڵمن..!
ئاخۆ کام ئەستێرە بەئاگایە..؟!
یان کام دایك
بەدیار منداڵە برسیەکەیەوە..
بەم شەوە ساردو سڕە
دەکات لای لایە..!!

>< >< >< ><

کزە بایە
جادە چۆڵەو
لەدوورەوەمۆمێك بەدی دەکەم
لەگەڵ هەنگاوەکانما
لەبەرخۆمەوە ڕاوێژ دەکەم!!
- دایکێکە بەدیار منداڵە برسیەکەیەوە!!
- یان مەستێکی دڵ دۆڕاوە
دەمانچەی لەسەر سەری ناوە!!
تادەهات دنیا مات تر دەبوو..
مۆمەکەش لەبەرچاوونبوو!!
تەنها من وشەمشەمە کوێرەکان..
بێ کەسین و ... دەپێوین..
ئەو ئاسمان و منیش جادەکان!!

>< >< >< >< ><

کزە بایە
لەژێر جریوەی ئەستێرەکاندا
تەنها من و هەناسە و
چرکەچرکی کاتژمێرەکەم بەئاگاین!
ئایا من وێڵم..؟
یان ڕێگا کۆتایی نایە..!
شەقامەکە تادێ
درێژ دەبێ.!

هەنگاو دەنێم..
ساڵ دەژمێرم!
بێ گۆڕان کاری، هەر وەک سەرکردەکان
لەسەر هەمان ئاوازی کۆن
ئەرێ بەبانانەوە دەڵێم!!